# دیدێکی نوێ بۆ دۆخی تێپەڕی و تێنەپەڕیی کار لە زمانی کوردیدا

**بەهزاد موحسین ڕەئوف**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە-شەقلاوە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دیدێکی نوێ بۆ دۆخی تێپەڕی و تێنەپەڕیی کار لە زمانی کوردیدا)، هەوڵێکە بۆ پێشنیازکردنی پۆلێنکردنێکی دیکەی کار لەڕوی هێزەوە، چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێت، پۆلێنکردنی کار لە ڕوانگەی هێزەوە، دوای (تێپەڕ و تێنەپەڕ) وازیلێهێنراوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدا، بە چەمک و پێناسە و ناوناێکی دیکە کارەکان پۆلێن بکاتەوە. توێژینەوەکە دابەشی سەر دو بەشکراوە. لە بەشی یەکەمدا هەر بە ناونانە نەریتییەکە باس لە چەمکی کار و پەیوەستبونی بە کەرەستەکانی دیکەی ڕستەوە دەکەین. لە بەشی دوەمیشدا هێزی کار بە گوێرەی بەرکار و تەواوکارەکانی ڕستە دەخرێنەڕو، هەر لەم بەشەدا کێشەی تێپەڕی یان تێنەپەڕیی کاری (هەبون-تملک) دەخرێتەڕو و هەوڵ دەدرێ بەم دیدە نوێیە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

**کلیلە وشەکان:** کاری تێپەڕ، کاری تێنەپەڕ، هێزی کار، کەرەستەی بەخورتی، کەرەستەی سەربار (لاوەکی).

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

**Received:** 16-December-2021

**Accepted:** 31-January-2022

**Published:** 29-September-2022

**Corresponding Author E-mail:**

bahzad.raoof@su.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "دیدێکی نوێ بۆ دۆخی تێپەڕی و تێنەپەڕیی کار لە زمانی کوردیدا" هەوڵێکە بۆ پێشنیازکردنی پۆلێنکردنێکی دیکەی کار لە ڕوی هێزەوە. لەبەرئەوەی جێی سەرنجە، کە کار لەڕوی هێزەوە بە درشتی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە و لە دوای دابەشبونی بەسەر "تێپەڕ و تێنەپەڕ"دا وازیلێهێنراوە.

**پێویستی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدا، ڕادەی هێزەکانی کار بکا بە بنەمای ناسینەوە و پۆلێنکردن و دواتر ناونانەوەیەکی نوێی کارەکان لەڕوی هێزەوە.

**کێشەی توێژینەوە:** خودی ناونانی کار تا ئێستا بە "تێپەڕ و تێنەپەڕ" لەڕوی هێزەوە، لە جیاوازی هێزی کار لە کارە تێپەڕە جیاوازەکاندا کورتی هێناوە و هەر هەمویان بە هەمان ڕاددە و هێز تێپەڕنین و دەکرێ لەنێو خودی کارە تێپەڕەکانیش پۆلێنبەندی و ناونانی جیاواز بە کارە تێپەڕەکان بدەین، بەپێی ئەو کەرەستە بەخورتیانەی هەر کارێکی تێپەڕ وەریاندەگرێ.

**سنوری توێژینەوەکە:** کەرەستەی زمانی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردییە، کە لە ئێستادا زمانی کارگێڕییە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی ڕێبازی "پەسنی شیکاری" کراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** لە بەشی یەکەم بە ئاگادارییەوە هەمان زاراوەکانی تێپەڕ و تێنەپەڕ بە مانا باوەکانیان بەکاردێنین، بەڵام لە بەشی دوەمەوە لە بری ئەو دو زاراوەیە، دیدی خۆمان لەبارەی زاراوەکانەوە پێشنیاز دەکەین و ڕونکردنەوەی پێویستیان لەبارەوە دەدەین.

هەر لە بەشی دوەم بەرکاری ناڕاستەوخۆ و تەواوکەری بەیاریدە بە وردی و بەپێی ئەرک و خاسیەتی خورتبون و ئارەزومەندانەیان لێک جیادەکەینەوە و تێکەڵبونی سنورەکەیان و لەجیات یەکتر بەکارهاتنیان یەکلادەکەینەوە. هەروەها بەگوێرەی ئەم دیدە نوێیە بۆ چەمکی تێپەڕی و تێنەپەڕی، کێشەی تێپەڕبون یان تێنەپەڕبونی چاوگی (هەبون-تەمەللوک) چارەسەردەکرێ. لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامە بە دەستهاتوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

## بەشی یەکەم:

### ١-١ چەمکی تێپەڕ و تێنەپەڕ

دیاردەی تێپەڕی و تێنەپەڕیی کار لە چەمکی هێز یان کاریگەریی کار لەسەر کەرەستەکانی دیکەی ڕستەوە دێ، مەبەستمان کەرەستە بەخورتیەکانە، ئەو کەرەستانەی ئەگەر لە ڕستە دەریانبێنین، ئەوا واتا و مەبەستی گشتیی ڕستەکە لەنگ دەبێ. واتە مەبەستمان کەرەستە ئارەزومەندەکان نییە، کە ئەگەر لەڕستەدا هەبون، ئەوا ڕونکردنەوەی واتایی زیاتر بە ڕستەکە دەدەن، بەڵام بە دەرکردنیشیان لە ڕستە هیچ کاریگەرییان لەسەر مەبەست و واتای گشتیی ڕستە نابێ و مەبەستە گشتیەکە لەنگ ناکا.

(هەمو کارێکی تێپەڕ بەلای کەمی دو کەرستەی بەخورتی وەردەگرێ. کە دیاردەی تێپەڕیی بەو دو کەرەستەوە بەندە، کە هێزی کار پێیان دەسپێرێ، نەوەک بە خودی ژمارە و چەندێتیی کەرستەکانەوە بەندبێ. بەشێوەیەک کە لە کاری تێپەڕدا بکەر ئەرکی ئەوەیە، دەسەڵاتی خۆی بەسەر کەرەستەکەی تر"بەرکار"دا ئەنجام بدا و بەرکاریش بچێتە ژێربارییەوە)(بەهزاد موحسین، ٢٠٠٨، ٧٧).

دیاردەی تێپەڕی و تێنەپەڕیی دیاردەیەکی زمانەوانیی گشتیە، (چەمکی کار لە هەمو زمانێک هەمان شت دەگەیەنێ) (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ٢٧١). واتە ئەگەر کارێک لە زمانی کوردی تێپەڕبێ، ئەوا ئەم کارە لە تەواوی زمانانی جیهانیش تێپەڕە. بۆ نمونە:

ئازاد نانی خوارد.

اكل ازاد الخبز.

Azad eated his food.

بۆ هەر کارێکی تێنەپەڕیش هەمان شت ڕاستە، چونکە ئەو هێز و کاریگەریەی کار هەیەتی، لە بنەمادا دیاردەیەکی سروشتی و فیزیکیانەی هەر ڕوداوێکی ژیانی ڕۆژانەمانە. کار لە زماندا ڕێک بریتییە لە ڕوداو لە ژیانی سروشتیمان، بۆیە وەک چۆن ڕوداوەکان بۆ ڕودانیان لە ژیانی سروشتیماندا لە ژمارەی پێداویستیە سەرەکیەکانیان جیاوازن، کارەکانیش لەزمان و لەچوارچێوەی ڕستەدا بۆ ڕودانیان لە ژمارەی پێداویستییە سەرەکی "کەرەستە بەخورتی"ەکانی جیاوازن.

کەواتە ئێمە هەمان ئەو ڕوداوانەی ژیانی ڕۆژانەمان، کە دەیانخەینە ناو زمان، پێیان دەڵێن کار، بۆیە لە بنەمادا کار هێندەی دیاردەیەکی سروشتی و فیزیکییە، هێندە زمانەوانیانە نییە، هەر لەبەرئەوەیە لەنێو هەمو نەتەوەیەک و لەنێو هەمو زمانێکدا هەر ڕودان "کار"ێک بۆ ڕودانی، لە ژمارە و جۆری کەرەستە سەرەکیانیان جیاواز نین و هەمان پێداویستیان هەیە. لە کاتێکدا ئێمە لەزماندا ئەو ڕوداوانە و پێداویستییەکانی وەک "کار" و کەرەستە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

بەخورتییەکان وەردەگرین و بەپێی بنەما و تێڕوانینە زمانەوانییەکان لێکیدەدەینەوە، نەوەک بەپێی فیزیک و لۆژیک، لە کاتێکدا هەندێ زمانەوان بە لۆژیک بیر لە دۆخ و دیاردەکانی زمان دەکەنەوە و بۆ ئەم دیاردەیە بکەر و بەرکاری لۆژیکی پێشنیار دەکەن و زاراوەکانی وەک "تێنەپەڕی بکەری و تێنەپەڕی بەرکاری"(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، ١٩٩٥، ١٣١) و "تێنەپەڕی خوازەکی و ڕودان" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٥٠) بەکاردێنن.

جا بەو کەس و شتانەی کارەکەیان ئەنجام داوە، دەڵێن بکەر و بەو کەس و شتانەش دەڵێین بەرکار، کە بکەرەکە کارەکەی بەسەردا ئەنجام داون. بەو کارانەمان گوتوە "تێنەپەڕ"، کە بۆ لەنگنەبونی واتا و مەبەستی گشتیی ڕستە تەنیا پێویستیان بە بکەرە. بەو کارانەشمان گوتوە "تێپەڕ"، جگە لە بکەر پێویستی بە بەرکاریش هەبوە.

## ٢-١ پێناسەکانی تێنەپەڕ و تێپەڕ

کار لەڕوی هێزەوە حوکمی ئەوە دەکات، کە ئاخۆ لە ڕستەدا جگە لە بکەر چی دیکەی پێویستە، تا واتای تەواو بۆ ئەنجامدانی پیشان بدا. (لەهەندێک باردا لە کارێکدا دو ڕادەی جیاوازی هێز لە یەک کاردا هەیە). (بڕوانە: .(Crystal, 2003, 494

بە مەبەستەوە بۆ هەریەک لە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ پێناسەی جۆراوجۆرمان هێناوەتەوە، پێناسەی زمانەوانانی کورد، هەم لە سەردەمی جیا و هەم سەر بە قوتابخانەی زمانەوانیی جیا. هەر بۆ زیاتر ناساندنی دیاردەی تێپەڕی و تێنەپەڕیی لە زمانی کوردیدا، پێناسەکانی زمانەوان وەک بۆچونی تایبەتی خۆیان، هەروەها پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغەکانی پێش زانکۆ و کۆڕی زانیاریی کوردییش وەک کۆکراوەی بۆچونی کۆمەڵێک زمانەوان، هەروەها چەند پێناسەیەکی زمانەوانانی فارسزمانیشمان وەرگرتوە، بەو پێیەی زمانەکەیان لە هەمو ڕویێکەوە لە زمانی کوردی نزیکە.

ئێمە لەبارەی پێناسەکانی خوارەوە نەوەک هەر پشتیوانی و پەسەندیمان بۆ هیچیان دەرنابڕین، تەنانەت دەست بە سەرنجەکانیشمانەوە دەگرین، چونکە هەر لەبنەماوە توێژینەوەکەمان بۆ ئەوەیە، جێگرەوەیەک بۆ دیاردە و چەمکەکانی تێپەڕی و تێنەپەڕی پێشنیاز بکەین.

کاری تێنەپەڕ: ((ئەو فرمانەیە کە ئەسەرەکەی لە بکەرەوە جێی نابێتەوە، بۆ کەسێ یان شتێکی تر))(نوری عەلی ئەمین، ٢٠١٢، ١٨٢).

کاری تێنەپەڕ: ((ئەو کارەیە کە بە تەنیا دەتوانێت واتا تەواو بکات و ئەرکی لە بکەری کارەکە تێناپەڕێتە سەر کەسێک یان شتێکی تر))(لیژنەیەک لە وەزارەتی، ٢٠١٢، ١١٢).

کاری تێنەپەڕ: ((کارێکە تەنیا پێویستی بە بکەر هەیە))(تقی وحیدیان، ١٣٨٢، ٤٩).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

کاری تێنەپەڕ: ((ئەو کارەیە کە یەک بۆشایی لە ڕستەدا پڕ دەکاتەوە و ئەو بۆشاییەش بکەرە و بکەرنادیاریشی لێ دروست ناکرێ))(خەسرۆ ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٢٣).

هەمو پێناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کاری تێنەپەڕ جگە لە بکەر پێویستی بە هیچ کەرەستەیەکی تری بەخورتی نییە، واتە واتا و مەبەستی گشتیی ڕستەکە تەنیا بە بکەرێک تێر دەبێ و هیچ لەنگیەکی تێدا بەدی ناکرێ. بۆ نمونە:

-ئازاد نوست.

بۆ ئەوەی کردەی نوستن بێ کەموکوڕی ڕوبدا، تەنیا پێویستمان بە بکەر "ئازاد"ێکە، تا بخەوێ و کارەکە ئەنجام بدرێ و ببڕێتەوە.

کاری تێپەڕ: ((ئەو کارەیە پێویستی بە بەرکاری ڕاستەقینە هەیە))(لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ٢٠١١، ٩١).

کاری تێپەڕ: ((ئەو کارەیە ئەتوانێ بەرکار وەربگرێ))(وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٨، ١٨٢).

کاری تێپەڕ: ((ئەو کارەیە، کە جگە لە بکەر پێویستی بە بەرکارێکی ڕاستەوخۆش هەیە.))(خلیل خطیب رهبر، ١٣٨١، ٢٢٣).

دیارە پێناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن، بۆ هەر کارێکی تێپەڕ جگە لە بکەر، بەلانی کەمی بەرکارێکی ڕاستەوخۆ وەک کەرەستەیەکی بەخورتی بە مەرجێکی حەتمی دەزانن. بۆ نمونە:

-ئازاد سێوی خوارد.

خواردن کارێکە، بۆ ڕودانی بەلای کەم پێویستی بە دو کەرەستەی بەخورتی هەیە، کە یەکیان بکەرە، تا کردەی خواردنەکە ڕاپەڕێنێ، شتێکیش "سێو" هەبێ، تا بیخوا و کردەکەی بەسەردا جێبەجێ بکا.

## ٣-١ ڕێگاکانی جیاکردنەوەی تێپەڕ و تێنەپەڕ

زۆر ڕێگە بۆ جیاکردنەوەی تێپەڕ و تێنەپەڕ پێشنیازکراون، ئێمە بەشێکی ئەو ڕێگایانە دەخەینە بەرچاو و کەموکورتیەکانیشیان دەردەخەین و گونجاوترین ڕێگاش بۆ جیاکردنەوەیان شی دەکەینەوە. هەر بە هۆی ئەم ڕێگایەوەش چەمکی کاری "تێپەڕ" و "تێنەپەڕ" دەناسێنین.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

## ١-٣-١ به هۆی جێناوی لکاوەکانی "خاوەنی و ڕێککەوتن":

ئەگەر کار بۆ دەمی (ڕابردوی سادە) (ڕوت) گەردان بکەین و (ئەگەر دەستەی جێناوی یەکەم (خاوەنی) (م-مان، ت-تان، ی-یان)ی وەرگرت، ئەوا کارەکە تێپەڕە، ئەگەریش دەستەی دوەمی جێناوە لکاوەکانی (ڕێککەوتن)ی وەرگرت، ئەوا کارەکە تێنەپەڕە (بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ٦٢).

کەچی بۆ ئەوەی توشی کێشەی دەرنەکەوتنی ناوی کەسی سێیەمی تاک نەبین، وا چاکترە، بکەر و بەرکاری کارەکان لە کەسەکانی یەکەم و دوەمی تاک و کۆ بهێنینەوە. بۆ نمونە (کوشتمانت)، واتە (تۆ ئێمەت کوشت)، کەواتە لە کارەکە (مان)ی جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (خاوەنی) هەیە، کەواتە کارێکی تێپەڕە، بەڵام لە نمونەی (هاتین)، چونکە نمونەکەی (ین)ی جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دوەمی (ڕێککەوتن)ی وەرگرتوە، کەواتە کارەکە تێنەپەڕە.

ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری کارەکانی زمانی کوردی، دەکرێ بەم ڕێگایە بناسرێنەوە، کە ئایا تێپەڕن یان تێنەپەڕن. بەڵام هەندێ کار هەن، ناچنە ژێر باری ئەم یاسایانە و ڕیزپەڕ دەبن(١)، وەکو کاری (ڕامانکرد). ئەگەرچی (مان)ی جێناوی لکاوی دەستەی (خاوەنی) وەرگرتوە، بەڵام کارێکی تێنەپەڕە، هەروەها ئەگەرچی (تێڕامایین و تێگەیشتن) جێناوی لکاوی (ین)ی دەستەی ڕێککەوتنی وەرگرتوە، بەڵام کاری تێپەڕن. تێپەڕینی ئەم کارانە لە ڕستەدا ڕونتر دەبێتەوە، با لەم نمونەیە ڕابمێنین:

ئێمە لە قسەی ئەو تێگەیشتین. یان -ئێمە لە قسەی ئەو گەیشتین.

لە هەردو باردا کارەکە تێپەڕە و بکەر و بەرکار "ئێمە و ئەو"ی هەیە و "ین"ی جێناوی لکاوی دەستەی ڕێککەوتنی وەرگرتوە.

هەروەها ئەم یاسایە ئەو کارە تێنەپەڕانەش بە تێپەڕ دادەنێ، کە بە هۆی (اندن)ەوە لە دەنگە سروشتیەکانەوە پێکهاتون، وەکو (قیژاندمان). دەبینین (مان)ی وەرگرتوە، بەڵام کارێکی تێنەپەڕە.

| | |
|---|---|
| زریکاندمان | زریکاندتان |
| نەڕاندمان | نەڕاندتان |
| قیژاندمان | قیژاندتان |

لەمەوە دەردەکەوێت، کە (اندن)یش ناتوانێ، هەمو کارەکان بکات بەتێپەڕ، بەتایبەتی ئەو کارانەی لە دەنگە سروشتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

### ١-٣-٢ بە هۆی شوێن "جێکەوتە"ی جێناوە لکاوەکان:

(گەر لە دۆخی ڕابردوی بەردەوام جێناوە کەسیە لکاوەکە کەوتە پێش ڕەگی کار، ئەوا کارەکە تێپەڕە، گەر کەوتە دوای ڕەگیش، ئەوا کارەکە تێنەپەڕە) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠ :٦٤). واتە بۆ جیاکردنەوەی هەر کارێک، کە ئایا کارێکی تێپەڕ یان تێنەپەڕە. کارەکە وەک سادەترین ڕستە دەخەینە دەمی ڕابردوی بەردەوام، ئەوکاتەش وا باشترە، جگە لە جێناوی کەسی سێیەمی تاک جێناوی هەر کەسێکی تر بکەینە بکەر. گەر جێناوەکە کەوتە بەشی پێشەوەی کار یان ڕەگی کارەکە، ئەوا کارەکە تێپەڕە، گەر کەوتە بەشی دواوەی کار یان ڕەگی کارەکە، ئەوا کارەکە تێنەپەڕە. بۆ نمونە:

-دەهاتم. ... تێنەپەڕە.

-دەمفرۆشت. .... تێپەڕە.

کەموکوڕیی ئەم ڕێگایەش وەک ڕێگای یەکەم لە چاوگی دەنگە سروشتییەکان و هەندێ کاری ڕێزپەڕدایە، کە ناتوانێ لەم دو بارەدا بە دروستی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لێک جیابکاتەوە. وەکو:

-دەمقیژاند. کارێکی دەنگە سروشتیەکانە.

-ڕامدەکرد. کارێکی ڕیزپەڕە.

بەگوێرەی ئەم ڕێگایە دەبو هەردو نمونەکەی سەرەوە کاری :تێپەڕ" بان، کەچی هەردوکیان کاری تێنەپەڕن.

### ١-٣-٣ بە هۆی بەشداری جەستە:

ئەم ڕێگایە وای دادەنێ، ئەگەر لەهەر کارێکدا هەمو جەستە بەشداری لە ئەنجامدانیدا کرد، ئەوا کارەکە کارێکی تێنەپەڕە، بەڵام ئەگەر ئەندامێک یان زیاتری جەستە بەشداری تێدا کرد، ئەوا تێپەڕە (بڕوانە: وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٥٢) بۆ نمونە:

-نوستم.

ئەگەر سەیری ئەم کارە بکەین، دەبینین هەمو جەستە بەشداری تێدا کردوە، بۆیە کارەکە تێنپەڕە، یان (کەوتم، هاتم)...هتد. ئەمانە هەموی تێنەپەڕن، بەڵام لە نمونەکانی (دەخۆم، دەنوسم، دەشکێنم) ...هتد، تەنیا ئەندامێکی جەستە بەشداری تێدا کردوە، بۆیە کارەکە کارێکی تێپەڕە. لەم ڕێگایەدا ڕیزپەڕ و ناوێزە گەلێک زۆرە و زۆر کار هەن، ناچنە ژێرباری یاساکە، بۆ نمونە لە ڕستەیەکی وەکو:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

-دەستم شکا.

-چاوم نوقا.

لەم دو نمونەیە دەست دەشکێ و چاو دەنوقێ و تەنها ئەندامێکی جەستە بەشدارییان کردوە و هەردو کارەکەش تێنەپەڕن، کە بە گوێرەی ئەم ڕێگایە دەبو، "شکا و نوقا" کارێکی تێپەڕ بان.

هەر لەبەرئەوەی ئەم ڕێگایە پتر لۆژیکی و ڕەوانبێژیە تا زمانەوانی، بۆیە لە کۆمەڵێک کاردا دیارنییە، کە ئایا هەمو هەمو جەستە یان ئەندامێک لە جەستە تێیدا بەشداری کردوە، بە تایبەت کارە واتاییەکان. وەکو:

-تۆم خۆش دەوێ. -من دەتلاوێنمەوە. —من دەتگوازمەوە. من دەتکڕمەوە.

لەم نمونانەی سەرەوە سنوری تێکڕایی جەستە یان ئەندامێک و چەند ئەندامێک لە جەستە لێڵ و نادیارە و نازانرێ، لەم ڕێگایەی جیاکردنەوەی تێپەڕ و تێنەپەڕ کارەکان بخەینە سەر کامیان. "خۆشویستن و لاوانەوە و کڕین" هەر سێکیان کاری تێپەڕن، بەس ئایا دیارە بە کام ئەندامی جەستە کەسێکت خۆش دەوێ یان دەیلاوێنیەوە یان دەیگوازیەوە!

هەروەها کەموکوڕیەکی دیکەی ئەم ڕێگایە، ئەوەیە ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک ئەو کارە تێنەپەڕانە دیاری بکا، کە لە دەنگە سروشتیەکانەوە بە هۆی (اندن)ەوە دروست دەبن، وەکو (گرماندن)، (بۆڕاندن) لەم کارانەدا تەنیا دەمی گیاندارەکە بەشداری دەکا، بەڵام کارێکی تێنەپەڕیشن.

### ١-٣-٤ بە هۆی وشەی پرسی (چی؟):

لەم ڕێگایە جیاکردنەوەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ دەوستێتە سەر جێنشینی وشەی پرسی "چی" لە ڕستەدا. ("چی" لە ڕستە لە جێگەی بەرکار بەکار دێ)(سەربەست قادر: ٢٠٢١: ٢٥). لەم ڕێگایە کارەکە لە دەمی ڕابردو دەخەینە ڕستەیەکی پرسیاری، کە وشەی پرسەکە (چی) بێ و ئەرکی بەرکار بێ. وا باشترە بکەرەکە کەسی سێیەمی تاک نەبێ، تاکو جێناوی لکاوی بکەر، کە (ی)یە، لەگەڵ فۆنیمی /ی/ بەشێک لە (چی) تێکەڵ نەبێ. بە شێوەیەک وشەی پرسەکە بە جێناوی لکاو تەواو کرابێ، واتە جێناوێکی لکاو بە دواوەی (چی) لکابێ. ئەم جێناوە لکاوەش نابێ کەسی سێیەمی تاک بێ، وا چاکترە کەسی دوەمی تاک بێ. جا ئەگەر ئەو ڕستە پرسیاریە ڕێزمانی بو، واتە ئاسایی مانای بەخشی و پرسیارێکی بێ کەموکوڕی بو، ئەوا دیارە کاری ڕستەکە تێپەڕە. بۆ نمونە، (تۆ چیت هێنا؟)، لەبەرئەوەی ڕستەیەکی پرسیاری بێ کەموکوڕیە، کەواتە کاری (هێنا) کارێکی تێپەڕە، بەڵام ئەگەر ڕستەکە ڕستەیەکی ناڕێزمانی و لە واتادا لەنگ بو، ئەوا کارەکە کارێکی تێنەپەڕە. بۆ نمونە (تۆ چیت هات؟) دەبینین ڕستەیەکی ناڕێزمانی و هەڵەیە، کەواتە کارەکە (هات) کارێکی تێنەپەڕە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

| کاره تێپەڕەکان | کاره تێنەپەڕەکان |
|---|---|
| تۆ چیت کرد؟ | تۆ چیت نوست.* |
| تۆ چیت فرۆشت؟ | تۆ چیت دانیشت.* |
| تۆ چیت لێخوری؟ | تۆ چیت ڕاکرد.* |

کەموکوڕی ئەم ڕێگایەش لەوەدایە، بەپێی نمونەکانی سەرەوە وشەی پرسی "چی" هەمیشە بۆ کەسی سێیەمی تاک دەگەڕێتەوە و گەر بەرکاریش دەرنەکەوتبێ، ئەوا هەمیشە بەرکار دەبێتە "مۆرفیمی سفر"، بەمەش بەرکار وەک جێناوی لکاو ناکەوێتە بەر دیدی فێزخوازان و ئیتر کاری تێپەڕیش وەک تێنەپەڕ دەبینێ و ناتوانێ لێکیان جیابکاتەوە، چونکە لەم بارەدا وەک دەرکەوتن کاری تێپەڕ و تێنەپەڕیش وەک کەرەستەی بەخورتی تەنها یەک جێناوی لکاو تێیاندا دەردەکەوێ.

### ١-٣-٥ بە هۆی باری بکەرنادیاری:

ئەم ڕێگایە یەکێک لەڕێگا سەرکەوتوەکانی جیاکردنەوەی کاری تێپەڕ لە تێنەپەڕە. بەشێوەیەک ئەگەر هەر کارێکمان هەبێ و لە هەر ڕستە و لە هەر شوێنێکی ڕستە و تەنانەت ئەگەر بە تەنیاش بێ، یان لە دۆخی چاوگیشدا بێ، دێین ئەو کارە بۆ دەمی ڕابردوی ڕوت یان ڕانەبردوی ڕێژەی ڕاگەیاندن (ئیخباری) دەگۆڕین، پاشان بۆ باری بکەرنادیاری گەردانی دەکەین. ئەگەر توانرا بەپێی یاسا باو و گشتیەکەی گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیار ئەو کارە بکەینە بکەرنادیار، بێ ئەوەی (اندن)ی نیشانەی تێپەڕاندن، یان شێوە ئەلەمۆرفەکانی (اندن)ی بۆ زیادبکەین، ئەوا دیارە ئەو کارە تێپەڕە، بەڵام ئەگەر نەتوانرا بخرێتە باری بکەرنادیاری، بەپێی یاساکانی گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیار، ئەوا دیارە کە تێنەپەڕە، چونکە (کاری تێنپەڕ ناتوانرێ، دۆخی بکەرنادیاری لێڕۆبنرێ، بێ ئەوەی تێبپەڕێنرێ)(یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ١١٣)، لەبەرئەوەی (بەرکاری ڕاستەوخۆی نییە، تا جێی بکەر بگرێتەوە)(علی مرزبان راد، ١٣٧٤، ١٢٣٤). بۆ نمونە (کوشتن، خواردن، کێڵان،...هتد) هەمویان بەپێی یاسای گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیار دەبنە بکەرنادیار، بێ ئەوەی هیچ نیشانە یان کەرەستەیەکی زمانییان بۆ زیادبکرێ.

کوژرا. – دەکوژرێ.

خورا. – دەخورێ.

کێڵرا. – دەکێڵرێ.

کەچی ئەمانە (خزین، کەوتن، فڕین، دانیشتن،...هتد). ناتوانن بەپێی یاسای گۆڕینی بکەردیار بۆ بکەرنادیار بیگۆڕین بۆ بکەرنادیار.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

شایەنی باسە ئەگەر کارێک بەتەنیا بێ و بکەر و بەرکارەکەی دەرنەکەوتبن و بخرێتە باری بکەرنادیاری، ئەوا گۆڕانەکەی بەم شێوەیە دەبێ:

بۆ ڕانەبردو (ڕەگ+ر+ێ+جێناو).

بۆ ڕابردو (ڕەگ+ر+ا+جێناو).

بۆ ڕونکردنەوە و دڵنیایی زیاتر یەکێک لەو نمونانەی سەرەوە وەردەگرین، (کەوتن) ڕەگەکەی (کەو)ە، ئەگەر بەپێی یاسا باوەکە بیخەینە باری بکەرنادیاری، کەوا لە ئاخاوتن و ڕێزمانی کوردی جێی نابێتەوە، کە بەم شێوەیە دەبێ:

بۆ ڕابردو: کەو+ر+ا+م ← کەورام*.

بۆ ڕانەبردو: دە+کەو+ر+ێ+م ← دەکەورێم*.

نمونەکانی دیکەش بەم شێوەیەیان لێدێ، (خزین>خزرام–دەخزرێم*)، (فڕین>فڕرام–دەفڕرێم*)، (دانیشتن> دانیشترام– دادەنیشرێم*). دەبینین ئەم نمونانە لە بکەرنادیاریدا ڕێزمانی نین و شێوە و فۆڕمێک وەردەگرن، کە کورد بە هیچ شێوەیەک ئەو فۆڕمە بەو مانایەی باری بکەرنادیاری بەکارناهێنێ.

بەمە دەردەکەوێ، کە ئەم کارانە کاری تێنەپەڕن، ئەگەرچی ئەم ڕێگایە زۆربەی هەرە زۆری کارەکانی زمانی کوردی بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ بە سەرکەوتویی لێک جیادەکاتەوە، بەڵام هێشتا کەموکوڕی هەیە و هێشتا هەندێ کار ناچنە ژێر باریەوە، وەکو ئەو کارانەی لە دەنگە سروشتیەکانەوە بە (اندن) ڕۆنراون. لەگەڵ ئەوەش کە بە هەمان یاسا گشتیەکەی تێپەڕاندندا دەڕۆن و هەمان یاسای گۆڕان بۆ دۆخی بکەرنادیاریان لێڕۆدەنرێ و کەچی تێنەپەڕیشن، وەکو:

قیژاندن ← دەقیژێنرێ – قیژێنرا

گرماندن ← دەگرمێنرێ–گرمێنرا

ئەگەرچی لای زۆرێک لە زمانەوانان (–اندن– بە ئامرازی تێپەڕاندن ناسراوە). (بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ١٩٩٥، ٢١٥).

### ١-٣-٦ بەهۆی کەرەستەکانی کار پشبەست بە واتا:

ئەم ڕێگایە لە هەمانکات پشت بە بنەمای واتا و پێداویستیی بەخورتی ڕێزمانی دەبەستێ. لە ئەم ڕێگایە بەپێی هیچ یاسایەک و دەستورێکی دیاریکراو بەڕێوەناچێ. تەنیا تێفکرین و ژیری لێکدانەوەی بۆ دەکا و دەتوانرێ بە سەرکەوتوترین شێوە و بێ ڕیزپەڕ و ناوێزە، هەمو کارێکی تێپەڕ و تێنەپەڕ لێکجیا بکرێتەوە. بۆیە لە هەمو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

ڕێگاکانی دیکە سەرکەوتوترە و ئەنجامەکەی مسۆگەرتر و ڕاستترە. هەروەها ئەگەر بتوانین بەم ڕێگایە، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لێکجیا بکەینەوە، ئەوا دیارە بە تەواوی لە چەمکی ڕێزمانیانەی (تێپەڕی) و (تێنەپەڕی) تێگەیشتوین.

هەر کارێک چ بە تەنیا بێ و چ لە ناو ڕستەیەکی فراواندا بێ، بیری لێدەکەینەوە، کە ئایا ئەگەر بیکەینە سادەترین ڕستە، ئەوا جگە لە بکەر، کەرەستەیەکی تریشی پێویستە، تاکو واتاکەی تەواوبێ و لەڕوی ڕێزمانیەوە تەواو و بێ کەموکوڕی بێ، یان ئەوەتا پێویستی پێ نییە، بۆ نمونە کاری (خەوتی) کەرەستەی دیکەی بۆ زیاددەکەین. (تۆ خەوتی.) دەبینین تەنیا بە وەرگرتنی یەک کەرەستە کە بکەرە، واتای ڕستەکە تەواو بو، کەواتە ئەم کارە تێنەپەڕە(بڕوانە: تقی وحیدیان، ١٣٨٢، ٤٩).

هەروەها ئەگەر کاری (برد) وەرگرین و کەرەستەیەکی بۆ زیاد بکەین و بیکەینە (تۆ برد-) واتای ڕستەکە تەواو نەبوە و لەنگە، ئەگەر کەرەستەیەکی دیکەشی بۆ زیاد بکەین و بیکەینە (تۆ ئێمەت برد). دەبینین واتاکەی لەڕوی ڕێزمانی و لۆژیکەوە تەواودەبێ، کەواتە مادام کارەکە بە دو کەرەستە ئینجا واتاکەی لە ڕستەدا تەواو بو، ئەوا کارەکە کارێکی تێپەڕە(بڕوانە: خلیل خطیب رهبر، ١٣٨١، ٢٣٣).

جا ئەگەر تاکە کەرەستەکە یان دو کەرەستەکە، کە بکەر و بەرکارن، هیچیان کەسی سێیەمی تاک نەبن، ئەوا ڕێگاکە بێ سەر لێشێوان و باشتر ئەنجامەکە بەدەستەوە دەدا.

نمونەیەکی دیکە، (ناردم) هەرچەندە وا دەردەکەوێ، کە ئەم کارە تەنیا بکەری هەبێ، چونکە تەنیا جێناوی (م) دەرکەوتوە، بەڵام دەبێ لێی وردبینەوە، کەسێک کە کردەی (ناردن) ئەنجام دەدا، ئەوە کەرەستەیەک، ئەو شتەش کە دەنێردرێ، ئەوە کەرەستەیەکی دیکە، کە دەبێتە بەرکار. کەواتە پرۆسەی ناسینەوەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ کردەیەکی لێکدانەوەی مێشکە و بەچاو ئەنجام نادرێ. هەروەها (دانیشتم) وەکو (ناردم) تەنیا جێناوی (م) تێیدا دەرکەوتوە، بەڵام بە لێوردبونەوە دەبینین، من کە دادەنیشم ئەوە کەرەستەیەک و تەواو، هیچ کەرەستەیەکی دیکە نییە، کە دەوری بەرکار ببینێ، بۆیە ئەم کارە تێنەپەڕە.

هەر بەهۆی ئەم ڕێگایەوە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ، چاوگەکان لەپاڵ جێناوی کەسی دوەم یا سێیەمی کۆ دابنرێن و تاقی بکرێنەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جێناوی لکاوی کەسی دوەم یا سێیەمی تاک لە دەستەی دوەم (ن)ە و هاوبێژە لەگەڵ (ن)ی چاوگدا. ئەگەر جێناوە لکاوەکە و چاوگەکە وەکو ڕستەیەکی تەواو دەرکەوتن، ئەوا کارەکە تێنەپەڕە، چونکە بەوە دەردەکەوێ، کە ئەو جێناوە پێویستیی واتایی و ڕێزمانیی چاوگەکەی پڕکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر ڕستەیەکی تەواو نەبو، واتە واتای تەواوی نەدا، ئەوا دەردەکەوێ، کە چاوگەکە تێپەڕە، چونکە تەنیا جێناوەکە پێویستیی پڕنەکردۆتەوە. بۆ نمونە چاوگی (هاتن، چون، کەوتن...) جێناوی (ئێوە) لە پێش هەرکامیان دابنێی، وەکو ڕستەیەکی تەواو دەردەکەون و دەبن بە (ئێوە هاتن، ئێوە چون..). بەڵام چاوگەکانی (کوشتن، ڕاسپاردن، خواردن) جێناوی (ئێمە، ئێوە)یان لە پێش دابنێی، ئەوا نابن بە ڕستەیەکی تەواو و واتای تەواو نادەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

## ٤-١ ڕێگاکانی بەتێپەڕکردنی تێنەپەڕ(٢)

هەمو کارێکی تێنەپەڕ، دەبێ تێپەڕێکی هەبێ، جا بە هەر شێوە و ڕێگایەک بێ، بەڵام مەرج نییە، هەمو کارێکی تێپەڕ لە بەرامبەریدا کارێکی تێنەپەڕ هەبێ و پێویستی بە تێپەڕاندن نەبێ. لە زماندا لە چەند دۆخێکدا پێویستمان بەوە دەبێ، کاری تێنەپەڕ بکەینە تێپەڕ، بەتایبەتی بۆ باری "بکەرنادیاری". بۆیە پێویستە ئەو ڕێگایانە بناسین:

### ١-٤-١ ڕێگای یەکەم:

زۆربەی کارە تێنەپەڕەکان بەخستنەسەری (اندن) دەبنە تێپەڕ(لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٩، ٨٩)، وەک (سوتان+ اندن = سوتاندن)، (گرون+ اندن = گرواندن)، (دانیشتن+ اندن = دانیشاندن)...هتد. لەم ڕێگایە "ن"ی چاوگ و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی چاوگەکە "پیتی پێش نونی چاوگ" لادەبرێن و (اندن) جێگایان دەگرێتەوە.

فۆرمی –اندن- کە بەشی هەرەزۆری کارە تێنەپەڕەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی بە تێپەڕ دەکا، لای هەندێ زمانەوان بەپاشگر یان مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ ناسراوە، (بڕوانە: نەسرین فەخری، ١٩٧٥، ٢٤٢) و (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٩٠). لای هەندێکی تریش وەک کۆمەڵە مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی ناسراوە، بڕوانە (محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٨٩، ٤٦) و (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، ١٩٩٥، ١٣٥). ئێمە پێمان وایە "–اندن" دو ئەرکی سەرەکی هەیە، لەو ئەرکەیدا کە کاری تێنەپەر بە تێپەڕ دەکا، ئەوا ئەرکی دۆخگۆڕیی ڕێزمانی دەبینێ و کۆمەڵە مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانیە. هەروەها ئەوکاتەش کە ناوی دەنگە سروشتییەکان دەکا بە چاوگ، ئەوا هەر مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییە، چونکە نەواتای نوێ ڕۆدەنێ و نەبەشە ئاخاوتنیش دەگۆڕێ، بەو پێیەی چاوگیش لە پۆلبەندیی بەشە ئاخاوتندا لە هەمان پۆل و خاسیەتی ناودایە و نەیتوانیوە، نەبەشەئاخاوتن و نەوشەیەکی نوێ بە واتایەکی فەرهەنگیی نوێ دروست بکا.

### ١-٤-٢ ڕێگای دوەم:

هەندێک کاری تێنەپەڕ بە (اندن) نابنە تێپەڕ، بەڵکو هەر لە زمانی کوردی لە بەرامبەریان کاری تێپەڕ هەیە و دەبێ بدۆزرێنەوە، وەک (هاتن – هێنان)، (بون – کردن)، (چون – بردن)، (ڕویشتن – بردن)، (گۆڕان – گۆڕین) (دڕان – دڕین)...هتد(بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، ١٩٩٥، ١٣٦).

### ١-٤-٣ ڕێگای سێیەم:

هەندێ کار هەن، کە ژمارەیان زۆر کەمە، دەتوانن بە هەردو ڕێگای یەکەم و دوەم بکرێنە تێپەڕ. وەک (کەوتن — کەواندن – خستن)، (مردن — مراندن – کوشتن)...هتد.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

### ١-٤-٤ ڕێگای چوارەم:

هەندێ کار هەن، کە ئەمانەش ژمارەیان زۆر کەمە، بە ڕێگاکانی سەرەوە نابنە تێپەڕ، بەڵکو بە سودوەرگرتن لە چاوگی "هێنان" یان "خستن" دەکرێنە تێپەڕ(ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٥٩) وەک (پێکەنین – هێنانە پێکەنین) یان (خستنە پێکەنین)، (زیراندن- بە زیرە هێنان)، (قیژاندن – بە قیژە هێنان)...هتد.

### ١-٤-٥ ڕێگای پێنجەم:

ئەم ڕێگایە زۆر گشتگیرە و هەمو کارێکی تێنەپەڕی پێ دەکرێتە تێپەڕ، بەڵام ڕێگایەکی لێکسیکیە و لە زانستی زمانەوانیدا گرنگیەگی ئەوتۆی پێنادرێ. ئەم ڕێگایە بە سودوەرگرتن لە دەستەواژەی (وام لێکرد بـ + ڕەگ + مۆرفیمی.کات + جێناو) دروست دەبێ. وەک (وام لێکر بمرێ)، (واتان لێکرد پێبکەنێ)، (وایان لێدەکەیت بفڕن)...هتد.

لەم ڕێگایەدا دەستەواژەکە دەچێتە ئاستی ڕستەسازی و فراوان دەبێتەوە، بەجۆرێک خۆی لە ڕستەی ئاوێتەدا دەبینێتەوە، چونکە دو کار لەخۆدەگرێ. هەر بۆ ئەوەش کە کارە تێنەپەڕەکە بکەین بە تێپەڕ، ناچارین هانا بۆ چاوگی "کردن" ببەین، کە چەمکی تێپەڕێتیی دەستەواژەکە دەنوێنێ و دۆخی ڕێزمانیی ڕستەکە دەکا بە تێپەڕ.

## بەشی دوەم: هێزی کار لە دیدێکی تازەوە

### ٢: سەرەتا

لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ، دیدێکی نوێ بۆ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ پێشنیاز بکرێ، لەبەرئەوەی کارەکانی پێشو، کە لەبارەی تێپەڕ و تێنەپەڕەوە کراون، هێشتا تەواوی کەلێن و دیوە تاریکەکانی ئەم دیاردە ڕێزمانیەیان ڕون نەکردۆتەوە. ئەم دیدە نوێیە هێزی کار و ئەو پلەبەندیەی لە هێزەکەدا هەیە، بەبنەما وەردەگرێ و کار لەسەر فرەڕەهەندی هێزەکەی دەکا.

### ٢-١ کار لەڕوی هێزەوە

لە بەشی یەکەم چەمک و پێناسەی تێپەڕی و تێنەپەڕییمان ڕون کردۆتەوە، لەم بەشەشدا دێینە سەر بەرچاوخستنی دیدە نوێکەمان بۆ پێشنیازکردنی زاراوەی "هێز" لەبری زاراوەکانی تێپەڕ و تێنەپەڕ.

پێویستە سەرەتا ئەوە ڕون بکەینەوە، یەکەم کاری زمانەوانی زیاتر ڕۆچونە بەقوڵایی زماندا و نەهێشتنی کەموکورتی کاری زمانەوانانی پێش خۆیەتی. دوەمین کاریش ئاشناکردنی زمانەوانانی دوای خۆیەتی بە یاسا و دیاردەکانی زمان، بە شێوە و ڕێچکەیەکی ئاسانتر و بەرجەستەتر لەچاو سەردەمی خۆی و پێش خۆی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

دەمانەوێ بۆ ڕونكردنەوەی ئەم دو خاڵەی سەرەوە دیاردەی تێپەڕێتیی كار وەربگرین. بۆ ئەركی یەكەم كە ڕۆچون و وردبونەوەی زیاترە، تا ئێستا بە شێوەیەكی گشتی بۆ هەر كارێك كە بە یەك كەرەستەی بەخورتی (بكەر) تێر بوبێ، گوتراوە كاری تێنەپەڕ. بۆ هەر كارێكیش كە زیاتر لە كەرەستەیەكی بەخورتی وەك بكەر و بەركار پێویستبێ، گوتراوە تێپەڕ. ئیتر هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو كارانەی جۆری دوەم نەكراوە، كە لە هێزدا زۆر جیاوازن، هەندێكیان بەدو كەرەستەی بەخورتی و هەیانە بەسێ كەرەستە و چوار یان زیاتر تێر دەبن. وردبوونەوەكە ئەوەیە، كە پێویستە ناونان و جیاوازیەكی زمانیانەمان هەبێت، لە نێوان ئەو كارە (تێپەڕ)انەی كە بە دو یان سێ یان چوار هێزی كەرەستەی بەخورتی تێر دەبن و نەبونی هەر یەكێك لەو پێداویستییە حەتمیانە واتا و مەبەستی گشتیی ڕستەكە لەنگ و كەموكورت دەكا. واتە پێویستە جیاوازی لەڕادەی تێپەڕێتیی كارەكاندا بكرێ. بۆ نمونە لە ڕستەی:

ئازاد نەمامەكەی چاند.

یان

ئازاد وتەكانی لە ئینگلیزی بۆ كوردی وەرگێڕا.

ئەمە شاشی و قوڵنەبونەوەیە لە زماندا، كە وەك یەك بەهەردو كارەكە "چاند و وەرگێڕا" بگوترێ "تێپەڕ" و هیچ جیاوازی نەكرێ لە نێوانیاندا، لە كاتێكدا یەكێكیان تەنیا بەدو كەرەستە تێر دەبێ و ئەوەی تر بە چوار كەرەستە كەمتر تێر نابێ.

خاڵی دوەمیش كە بریتیە لە ئاسانكاری بۆ زمانەوانانی دوای خۆمان، لەم بابەتە هەر ئەوەیە، كە هەر كارەی بەگوێرەی ژمارەی كەرەستە بەخورتییەكان بناسرێ و ناو بنرێن و ئەم تێكەڵیە نەهێڵرێ.

كارێكی گرنگە ئەم دو خاڵە بەهەند وەربگیرێن، پێویستە لە دیاردە زمانیەكان زیاتر ورد بینەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە، ئەو دەرەنجامانەی لەو وردبونەوانە دەستیان دەخەین، بە ساناترین شێوە و بە پۆلێنبەندیی نوێ بخەینە بەردەست زمانەوانی دوای خۆمان.

هەر پشتگوێخستنی ئەو دو هۆكارەیە، وایكردوە، ساغكردنەوەیەكی تەواو لە بارەی هێزی كارەوە نەیەتەدی و وەك بابەتێكی كێشەدار بمێنێتەوە. بەشێك لە مامۆستایان دێن چەند یاسایەكی حازربەدەستی وەك خاڵەكانی بەشی یەكەمی ئەم توێژینەوەیە دەدەن بە فێرخوازەكانیان، كە (جگە لە خاڵی پێنجەم) هیچیان سەداسەد كاری تێپەڕ و تێنەپەڕی پێ لێكجیاناكرێتەوە و هەر هەمویان كەموكورتیی زمانیانەیان هەیە. بەمەش فێرخوازان توشی هەڵە دەكەن و لە لێكدانەوەی فكریی زمانیانە دوریان دەخەنەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

## ٢-٢ تێپەڕێتیی کار بەگوێرەی ژمارەی کەرەستە بەخورتییەکان

دیاردەی تێپەڕێتی "تێپەڕی و تێنەپەڕیی کار" ڕاستەوخۆ بە هێز و کاریگەریی ڕەگی کارەوە پەیوەستە، کە ڕەگی کار لە هەر زمانێکدا بێ، کە هەمان ڕودانی چەمک و پێداویستیی سەرەکی هەیە، بۆیە (ڕەگ –کار- لەهەر فۆرمێکدا بێ، هەمان چەمک و واتا دەدا.)(حوسێن عەلی یوسفی، ١٣٧٩، ٩٢). پێداویستیە سەرەکیەکانیش هەر ئەوەن، کە ئێمە لەم توێژینەوەیە بە "کەرەستەی بەخورتی" ناوی دەبەین.

ناکرێ و دروست نییە، دو کار هەمان ناوی تێپەڕییان بەسەردا ببڕێ، کە یەکیان تەنیا دو کەرەستەی بەخورتی هەبێ و ئەوەی تریش سێ کەرەستەی بەخورتی هەبێ. (٣) بۆ نمونە:

- ئازاد نوسیی.

- ئازاد بەخشیی.

لە ڕستەی یەکەم ئازاد تەنیا شتێکی نوسیوە، بەنمونە: نامەیەکی نوسیوە. کەواتە کاری نوسین تێپەڕێکە، کە (ئازاد و نامە) کەرەستە بەخورتیەکانیەتی. کەچی لە کاری (بەخشیی) ئازاد شتێکی بە کەسێک بەخشیوە، کەواتە کاری "بەخشین" بە "ئازاد و شتێک و کەسێک" تێر دەبێ، ئەمەش سێ کەرەستەی بەخورتی پێویستە. لێرەدایە، کە پێویستە بەپێی ڕادەی تێپەڕێتی (بەگوێرەی ژمارەی کەرەستە بەخورتیەکان) ناوی جیا لە کار و چاوگی (نوسین) و (بەخشین) بنێین.

پێشنیاز دەکەین، مادەم زاراوەی تێپەڕ و تێنەپەڕ لە چەمکی هێز و بەهێزیی کارەوە بەسەر کەرەستە و پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕستەوە هاتون، زاراوەی "هێز" جێی تێپەڕ و تێنەپەڕ بگرێتەوە(٤)، بە کاری تێنەپەڕ بگوترێ (کاری یەک هێزی) و بەتێپەڕی دو کەرەستەی بەخورتی بگوترێ (دو هێزی) و کاری تێپەڕی سێ کەرەستەی بەخورتی (سێ هێزی) ...هتد، لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەکانی ( transitive, intransitive, ditransitive) بۆ تێنەپەڕ تێپەڕ و تێپەڕی دو بەرکار وەرگر بەکاردەهێنرێت. (بڕوانە: Cook and Newson, 1997, 162).

### ٢-٢-١ کاری یەک هێزی:

ئەو کارانەن، لە ڕستەدا بۆ تەواوکردنی واتا و مەبەستی گشت ڕستەکە، جگە لە بکەر پێویستی بە هیچ کەرەستەیەکی تری بەخورتی نییە. واتە کاری تێنەپەڕن، وەکو:

- ئازاد هات.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

**٢-٢-٢ کاری دو هێزی:**

ئەو کارانەن، لەڕستەدا جگە لە بکەر تەنیا پێویستییان بەیەک کەرەستەی بەخورتی (بەرکار) دەبێت. وەکو:

- ئازاد منی بینی.

**٢-٢-٣ کاری سێ هێزی:**

ئەو کارانەن، جگە لە بکەر بە دو کەرەستەی بەخورتی دیکە واتا و مەبەستە گشتیەکەی ڕستە تێردەکەن. وەکو

- ئازاد کوڕەکە فێری مەلە دەکا.

- ئازاد ئالیک دەرخواردی ئەسپەکە دەدا.

لێرەدا کارەکەی (فێرکردن)ە، سێ کەرەستەی بەخورتی و حەتمی دەبینن، کە (ئازاد و کوڕ و مەلە)ن، کە "ئازاد" بکەرە و "کوڕ و مەلە" بەرکارن. ئەگەر هەریەک لەو سێ کەرەستە بەخورتیانە لابدەی، ئەوا ڕستەکە لەڕوی گەیاندن و واتا و مەبەستی گشتی لەنگ دەبێ.

**٢-٢-٤ کاری چوار هێزی:**

ئەو کارانەن، بۆ تەواو گەیاندنی واتا و مەبەستی گشتی ڕستەکە جگە لە بکەر، سێ کەرەستەی بەخورتی دیکەی پێویستە. لەم جۆرە کارانە کەرەستەی یەکەم بکەرە و هی دوەم بەرکارە و سێیەم و چوارەمیش بەرکاری ناڕاستەوخۆن.

واتە بەرکارێک کە ئامرازی پەیوەندی دەکەوێتە پێش و لە تێڕوانینی سەرەتاییمان لەگەڵ تەواوکەری بەیاریدە تێکەڵ دەبێ. "دواتر ئەمە ڕون دەکەینەوە". وەکو:

ئازاد چیرۆکەکەی لە ئینگلیزی بۆ کوردی وەرگێڕا.

لەم نمونەیە کاری (وەرگێڕان) جگە لە بکەر (ئازاد) وەک کەرەستەیەکی بەخورتی، پێویستی بە سێ کەرەستەی بەخورتی دیکە هەیە، تا واتای گشتی ڕستە لەنگ نەبێ، (چیرۆک)ێک کاری وەرگێڕانی لەسەر بکرێ و لە زمانێک (ئینگلیزی)یەوە بۆ زمانێکی تر (کوردی) وەربگێڕدرێ.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

## ٣-٢ تەواوکەری بەیاریدە و بەرکاری ناڕاستەوخۆ

ئێمە تەواوکەری بەیاریدە وەک کەرەستەیەکی لاوەکی دەبینین و پێمان وایە لە ڕستە تەنیا لایەنێک لە بکەر یان گرێی ناوی ڕونتردەکاتەوە، پەیوەندی بەگرێی کاریەوە نییە و نەبونی هیچ لە واتای گشتیی ڕستە و کارەکە ناگۆڕێ. وەکو:

ئازاد بۆ بازاڕ ڕۆیشت.

ئازاد ڕۆیشتوە و تەواو، ئەگەر بۆ (بازاڕ)ەکەشی لەگەڵ نەبێ، هیچ لە مەبەستی گشتیی ڕستەکە لەنگ نابێ. بەڵام کە دەڵێی:

ئازاد چیرۆکەکەی وەرگێڕا.

ئیدی پرسیارێکی فرەڕەهەندە و واتای گشتی ڕستەکە ڕون نییە، ئەگەر نەشزانین چیرۆکەکەی بۆ کام زمان وەرگێڕاوە، دەبێ بزانین لە کام زمان وەریگێڕاوە. ئەگەرچی لە هەردو دەستەواژەکە (بۆ بازاڕ) و (لە ئینگلیزییەوە) هەمان پێکهاتە و ڕۆنانی زمانەوانییان هەیە، بەڵام ئەوەی یەکەم زانیارییەکی زیادەیە و ناکەوێتە بەشی گرێی کاریەوە. ئەوەی دوەم پێداویستییەکی حەتمیە و بۆ ڕونکردنەوەی واتای گشتیی ڕستەکە دەبێ ڕون بکرێتەوە و دەچێتە خانەی گرێی کارییەوە. بۆیە ئێمە بەوەی یەکەم دەڵێین، تەواوکەری بەیاریدە و بەوەی دوەمیش دەڵێین بەرکار، بەڵام بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ.

ئەگەرچی تەواوکەری بەیاریدە و بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە فۆڕمدا هەمان پێکهاتە و ڕۆنانیان هەیە، بەڵام تەواوکەری بەیاریدە کەرەستەیەکی بەخورتی کار نییە و بەرکاری ناڕاستەوخۆ کەرەستەیەکی بەخورتی کارە و یەکێکە لەو هێزانەی کە دەبێ ناتەواویەک لەڕوداونی کار پڕبکاتەوە.

بە جۆرێکی تر سەبارەت بەبونی بەرکاری ڕستە، تەواوکەری بەیاریدە بونێکی ئارەزومەندانەیە، بەڵام بونی بەرکاری ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە کار بونێکی بەخورتییە و نەبونی لەنگی لە مەبەستی گشتیی کار لە چوارچێوەی ڕستەدا دروست دەکا.

## ٤-٢ (هەبون) و چەمکی تێپەڕێتی

"هەبون"ی خاوەندارێتی (تەمەللوک) لە دۆخی کاریدا دو کەرەستە وەردەگرێ (عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٠، ٤٥)، بۆ نمونە:

هەمانە = ڕەگ+جێناو+ جێناو (مۆرفیمی سفر)+مۆرفیمی کاتی ئێستا (مۆرفیمی سفر).

جێناوی یەکەم (مان) خاوەنە و جێناوی دوەمیش، کە دەرنەکەوتوە خاوەندارە، کە دەشێ هەر شتێک بێ. وەکو:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

-كتێبمان هەیە.

كاری "-بون و هەبون- بە هەرچوار جۆریەوە، كە بریتین لە "تەمەلوک و وجودی و كەینونە و سەیرورە" بەتایبەت تەمەللوک و وجودی لە كێشەی ئەوەدان، كە ئایا تێپەڕ یان تێنەپەڕن؟ ئەمە كێشەیەكی زمانەوانانی جیهانییە، بۆیە زمانەوانێكی وەک "كلۆد حەجاج"ی عارەبزمان و قسەپێكەری زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی پێی وایە، كێشەی تێپەڕێتی سەبارەت بەبون و هەبون كێشەیەكی زمانەوانی گشتیە(كلود حجاج، ٢٠٠٣، ٢٨٢).

زمانەوانانی كورد بۆ دۆخی تێپەڕی و تێنەپەڕیی "هەبون" دوبەرەن، بۆ نمونە (ئەورەحمانی حاجی مارف) پێیوایە "هەبوون" تێپەڕە (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٢٨٠)، چونكە وەک هەر كارێكی تێپەڕی ئاسایی پێویستی بە دو كەرەستە یا دو جێناوە. هەروەها بۆچونی تریش جەخت لە تێپەڕبونی "هەبون" دەكاتەوە ((چاوگی هەبون كە وەک كارێكی ئاسایی بەكاربێ، ئەوا كارێكی تێنەپەڕە))(غلامرضا ارژنگ، ١٣٨١، ١٦٤).

(ئەورەحمانی حاجی مارف) دەزانێ كە ڕستەی (ئێمە كتێبمان هەیە)، نە (ئێمە) لەبەرئەوەی خاوەنی كتێبین، كەواتە بكەرین(٥)، نە كتێبەكەش لەبەرئەوەی خاوەنی هەیە، كەواتە بەركارە، چونكە (چەمكی بكەری و بەركاری لە كاریگەریی كارەوە بەسەریاندا دیاری دەكرێ، كاریگەریەک وا بكا، بكەر بەو دەسەلاتەی هەیەتی، شتێک بەسەر بەركاردا ئەنجام بدا)(بەهزاد موحسین،٢٠٠٨، ٧٧).

هەروەک ئەوەی لەڕستەی (ئازاد خنكا). ئازاد خۆی دەسەلاتی بەسەر خۆیدا نییە و لەبنەڕەتەوە خۆی ویستویەتی نەخنكێ، كەواتە بە لۆژیک نەوەک بكەر نییە، بەڵكو بەركارە (بڕوانە:عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، ١٩٩٥، ١٣٢) و شتێكی تر كە بكەرە، ئەوی خنكاندوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە سنوری زماندا (ئازاد) لەجێی (چاڵ)ی بكەر دانیشتوە، كەواتە بكەرە (محمد رضا باطنی: ١٣٨٣: ٨٤).

لەلایەكی تر (د. یوسف شەریف) پێی وایە "هەبون" كارێكی تێنەپەڕە، ئەگەرچی ناتوانێ لە دو كەرەستە یان جێناو كەمتر وەربگرێ، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ یەكێ لەو دو جێناوە دەسەڵاتێكیان بەسەر یەكەوە نییە و كاریگەریەک یان دۆخێک بەسەر ئەوەی تر ناهێنێ. هەروەها لە "هەبون" دۆخی بكەرنادیاری ڕۆنانرێ(یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، ١٣٨) كە ئەمە یەكێک لە تایبەتمەندییە دیارەكانی كاری تێنەپەڕە.

ئەم بۆچونەی ئێمە كە پێشنیازكردنی ناوێكی نوێ بو، لەبری زاراوەكانی (تێپەڕ و تێنەپەڕ)، ئەم كێشانە چارەسەر دەكا. كە ئێمە تەنیا سەیری كەرەستە بەخورتی و سەرەكییەكانی كار دەكەین، چەند كەرەستەی پێویست بێ، بەپێی ژمارەی كەرەستەكان ناویان دەنێین. بەمەش چاوگێكی وەک هەبون (تملک)، (دو هێز)ی بۆ پێشنیار دەكەین، بەڵام سێ جۆرەكەی تر (هەبون- وجود) (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ٢٧٥)، وەک (هەم) و (بون)ی كەینونە وەک (-مامۆستا بوم) و (بون)ی سەیرورە وەک (-بوم بە مامۆستا). هەرسێكیان كاری یەک هێزین، چونكە هەرسێكیان جگە لە یەک كەرەستەی بەخورتی و سەرەكی هیچی تریان پێویست نییە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

## ئەنجامەکان:

ئەم توێژینەوەیە، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێکەوتەوە:

١. هێزی کار لە زماندا هەمان ڕەهەند و پێداویستیانی ڕودانە لە ژیانی سروشتیمان، لە چۆنیەتی وەرگرتنی کەرەستەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکە.

٢. ڕادەی هێزی کارەکان جیاوازن، بۆیە پۆلێنی جیاوازیان هەیە، بەگوێرەی ڕادەی هێزەکانیان کە لە ژمارەی پێداویستیە بەخورتیەکانیان جیاوازن، بۆیە ناوی جیاواز وەردەگرن.

٣. مەرج نییە هەمو ئەو فرێزە بەندانە "ئامرازە پەیوەندیەکان و وشەکانی دوای ئەوان" کە لە ڕستەدا دەردەکەون، کەرەستەی لاوەکی "تەواوکەری بە یاریدە" بن و تەنها کاریان ڕونکردنەوەی زیاتری واتابێ. هەندێکیان پێداویستیی بەخورتی و سەرەکین، وەک "بەرکاری ناڕاستەوخۆ".

٤. چاوگی "بون و هەبون"، بەگوێرەی بەکارهێنان و مەبەستیان لە ڕستەدا ڕادەی هێزی جیاجیا پیشان دەدن، بۆیە بۆ ڕادەی هێزی هەر کارێک ناو و پۆلێنی تایبەتی هەیە.

٥. ئەگەرچی ناتوانین بەتەواوی لە زماندا زاراوەیەک بە زاراوەیەکی دیکە بگۆڕین، بەڵام ئەم توێژینەوەیە پێشنیازی ئەوە دەکا، کە لەبری (تێپەڕ و تێنەپەڕ)، زاراوەکانی وەک (یەک هێزی، دو هێزی، ...هتد) بەکارببرێ، بێگومان ئەمە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر و یەکدەنگی زمانەوانان هەیە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

## پەراوێزەکان:

١-هەر لەبەرئەم کەموکورتیانە وەزارەتی پەروەردە ئەم ڕێگایەی جیاکردنەوەی تێپەڕ لەتێنەپەڕی لە پرۆگرامەکانی "زمان و ئەدەبی کوردی" لە پۆلی نۆ و دەی بنەڕەتی دەرهێناوە، کە پێشتر وەک ڕێگایەکی سەرکەوتو لە پرۆگرام داینابون.

٢- لەبارەی "گۆڕینی کاری تێپەڕ بۆ کاری تێنەپەڕ" هیچ سەرەبابەتێکمان لەتوێژینەوەکە دانەناوە، چونکە لەچەمکدا هیچ کارێکی تێپەڕ نابێتە تێنەپەڕ، بەو شێوەی وەک چۆن فۆرمی "-اندن"مان بۆ بەتێپەڕکردنی کاری تێنەپەڕ هەیە، مۆرفیمێک یان فۆرمێکی زمانی تایبەتمان نییە، کە کاری تێپەڕ بۆ تێنەپەڕ بگۆڕێ. ڕێگایەک کە کاری تێپەڕی پێ بکرێتە کاری تێنەپەڕ، ڕێک پێچەوانەکردنەوەی ئەو ڕێگای دوەمی "گۆڕینی کار ی تێنەپەڕە بۆ تێپەڕ"، کە بەرامبەر بەشێکی کەم لە کارە تێنەپەڕەکان لە زمانی کوردیدا کاری تێپەڕمان هەیە، وەک "هێنان- هاتن، دڕان-دڕین، کوشتن- مردن...هتد). هەروەها هەمو چاوگێکی بکەرنادیاری وەک "کوژران و سوتێنران..." بە تێنەپەڕ دادەنرێن، بەڵام لەبەرئەوەی چاوگ لە کێڵگەی بەشەئاخاوتندا سەر بەناوە و پەیوەندی بەکارەوە نییە و نەکەس و نەکات لە چاوگدا کارا نین، ناکرێ بخرێنە بێنەوبەردەی تێپەڕی و تێنەپەڕێتی.

٣- جێی ئاماژەیە چەند زمانەوانێک جیاوازییان لەو کارە تێپەڕانە کردوە، کە ژمارەی کەرەستە بەخورتیەکانی کار تیایاندا جیاوازن، هەندێکیان تاکاری تێپەڕیی دو بەرکاری و هەندێکیش تەنیا تاکاری تێپەڕیی سێ بەرکاری ڕۆیشتون و لەوە زیاتر نەڕۆیشتون. لەوانە (خەسرۆ ئەحمەد) لەم دیاردەیە وردبۆتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کاری سەرەکیی ئەو لە توێژینەوەکەی بەرکارە، نەک کار، بۆیە لە دیاردەی تێپەڕێتی وردتر نەبۆتەوە. بڕوانە: (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ٥١) و (بروا ڕەسول ئەحمەد، ٢٠١١، ٥١) و (خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول، ٢٠٠٨، ٢٤).

٤- هەر خودی زاراوەی تێپەڕ و تێنەپەڕ وەک واتا فەرهەنگیەکەیان کێشەی زۆریان بۆ قوتابیان دروست کردوە، کە بەشێکی زۆر لە قوتابیان تادێنە زانکۆش، تێپەڕ بەڕابردو و تێنەپەڕ بەڕانەبردو تێگەیشتون.

٥- ئەمە دەمانباتە سەر باسکردنی ڕۆڵی واتایی، لەدەرخستنی دۆخی فرێزە ناویەکان. لە ڕستەی ئێمە کتێبمان هەیە)، چاڵی بکەر بە (ئێمە) پڕ کراوەتەوە، کەواتە بکەرە، لە کاتێکدا کارێکی ئەنجام نەداوە، بۆیە دەکەوینە بەردەم پۆلێنکردنی بکەر بۆ (بکەری کارا – Agent – و بکەری ناکارا). (بڕوانە: بروا ڕەسول ئەحمەد، ٢٠١١، ٦١).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# A New Perspective on the State of Transitive and Intransitive Verb

**Bahzad Muhsin Raouf**

Kurdish Department, College of Education-Shaqlawa, University of salahadin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This Study, entitled "A New Perspective on the State of Transitive and Intransitive Verb" is an attempt to propose another classification of work in terms of power. Because what is noted is that the work in terms of power has been very thoroughly studied, and has been abandoned after the division over the " Transitive and Intransitive". This study seeks to quantify the extent of the workforce on the basis of identification and classification, and then the naming of Verbs.

The study is divided into two sections, as follows:

In the first part we use the common names and terms of Transitive and Intransitive, but in the second part instead of the two terms we use our suggested terms and give the necessary explanations about them.

In the second part, we separate the indirect object and complementary according to their functions and properties. According to this new view, the problem of Transitive and Intransitive of (Habun-Tamalluk) verb is solved.

**Keywords:** Transitive Verb, Intransitive Verb, Verb Power, Obligatory Constituent and Optional Constituent.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10

## سەرچاوەکان:

ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی پێنجەم، کردار، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
بروا ڕەسول ئەحمەد، ٢٠١١، دۆخ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.
بەهزاد موحسین ڕەئوف، ٢٠٠٨، تێنس لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستانداردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
خەسرۆ ئەحمەد ڕەسوڵ، ٢٠٠٨، بەرکار لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆرمی، نامەی ماستەر،، زانکۆی سەلاحەددین.
سەربەست قادر، ٢٠٢١، تێپەڕ و تێنەپەڕ لە کوردی (ناوەڕاست)دا جیاکردنەوە و گرفت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، هەولێر.
عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ، ١٩٩٥، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، نامەی دکتۆرار، زانکۆی بەغدا.
عەبدولوەهاب خالید موسا، ٢٠٠٠، ڕێزمانی بون و –هە-بون لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.
لێژنەی زمان و زانستەکان لە کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠١١، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دوەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
لیژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٢، زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی المستقبل، بیروت.
لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٩، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دەیەمی بنەڕەتی، چاپی سێزدەم.
محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٨٩، کار پۆلێنکردن، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١.
نوری عەلی ئەمین، ٢٠١٢، ڕێزمانی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
نەسرین فەخری، ١٩٧٥، پاشگری –اندن- لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دوەم، ژمارە١، بەغدا.
وریا عومەر ئەمین، ٢٠١١، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر.
وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٨، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
یوسف شەریف سەعید، ١٩٩٨، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
کلود حجاج، ٢٠٠٣، انسان والکلام –مساهمه الانسانیه فی علوم انسانیه، ترجمە: د.رضوان ظاظا، دار الطلیعة، بیروت.
تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، ١٣٨٢، دستور زبان فارسی (١)، چاپ چهارم، تهران.
حسین علی یوسفی، ١٣٧٩، دستور زبان فارسی ١و٢، چاپ دوم، نشر روزگاران، تهران.
خلیل خطیب رهبر، ١٣٨١، دستور زبان فارسی، چاپ اول، تهران.
علی مرزبان راد، ١٣٧٤، دستور سودمند، چاپ هشتم، نشر قومس، تهران.
غلامرضا ارژنگ، ١٣٨١، دستور زبان فارسی امروز-ویرایش جدید-، نشر قطره، تهران.
محمد رضا باطنی، ١٣٨٣، توصیف ساختمان دستور زبان فارسی، چاپ پانزدهم، انتشارات امیر کبیر، تهران.

Cook V. J and Mark Newson, 1996, Chomsky’s Universal Grammar, Blackwell publishers Ltd.
Crystal D., 2003, A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Blackwell, Oxford.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper10